# ناڕەزایەتی ڕولەهەورازی خەڵك، بە فتواكان و هەڕەشەكانی تاڵەبانی و هاوپەیمانەكانی خامۆش ناكرێتەوە

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

لە لێدوانێكێدا بۆ ڕادیۆ سەوا لە پەیوەند بە پرۆسەی ڕاپرسی بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراق، جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری عێراق!! ڕایگەیاند، كەوا ئەو عێراقیانەی لەپرۆسەی راپرسیدا بە(بەڵی) دەنگیان داوە لایەنگری دیموكراسیەت وئازادی وماڤی مرۆڤن، ئەوانەش بە(نا)دەنگیانداوە، لایەنگری لەتیرۆرو ڕێكخراوی ئەلقاعیدەو عەرەبە شۆفینیەكانن.

جەلال تاڵەبانیو سەرجەم بەپرسانی ئەحزاب و لایەنە سیاسیەكانی تری بەشدار لە تەقەلا بۆ داسەپاندی حكومەتێكی قەومی دینی بەسەر خەڵكی عیراقدا، بەو وەڵامەی لەلایەن خەڵكەوە پێیان درایەوە لەپرۆسەی ڕاپرسی بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، هێندە هەراسان بوون، كەهەریەكەیان بەجۆریك ئەم هەراسانی و نیگەرانیەی خۆیان بەیان دەكەن و خەڵكی عێراق بەتاوانبار دەزانن، ئەم راگەیاندنەی تاڵەبانی یەكێكە لەوڕاگەیاندنانە.

خەڵكی عێراق بەشێوەیەكی گشتی بە(نا)وەڵامی ڕاپرسیاندایەوە، بەشداری ئەم گاڵتەجاریەیان نەكرد كە ناوی نرابوو راپرسی بۆ دەستوری هەمیشەیی، بە قەولی حەكیم و سەرانی تری ئیسلامی سیاسی خەڵك ئەركێكی خوایان رەتكردەوە، بەقەولی تاڵەبانیش ئەوانەی بەنا دەنگیانداوە لایەنگری تیرۆرو ڕێكخراوی ئەلقاعیدەن.

تاڵەبانی كە سەرو بنی زمانی باسی ئازادی وماڤی مرۆڤە، دیموكراسی لای تەنها ئەومانایەی هەیە، ئەوەی لە بەڵی لایدا دژی دیموكراتیە، ئەوەی نا بەدەمیا بێت، تیرۆرستە، ئەوەیشی سەری ڕاوەشاندو پەنجەمۆری سیاسیەتو نەخشەكانیان بكات، دیموكراتخوازو لایەنگری ماڤی مرۆڤە.

سەیر ئەوەیە، تاڵەبانی لەكاتێكدا ئەم فتوایانە پەخش دەكاتەوە، كەنزیك بە15 ساڵە لەكوردستاندا بەرگری لەیاساكانی بەعس" شۆفینیزمی عەرەبی" دەكاتو تائێستا ئەم یاسایانە لەكوردستان كاریان پێدەكریت، نزیك بە 15 ساڵە كوردستانی عێراق كراوەتە مۆڵگەی دەستەوتاقمی ئیسلامی و ئیدارەكەی تاڵەبانی كۆمەكی ماڵیان دەكات، لەحكومەتدا بەشی پێداون، بڵنگۆی مزگەوتەكان و دەزگای چاپخانەكان بۆ ئەم ئیسلامیانە بێ سانسۆرە، هاوكات دەیان بنكەو بارەگای وڵاتانی كۆنەپەرستی ناوچەكە لەكوردستان قوتكراونەتەوە، تیروریزمی سیاسی گیانی سەدان ئینسانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەكەی هەڵوشیوە...تاد، بەجیا لەهەمووئەمانە تائێستا تاڵەبانی لەهەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ تیرۆرستاندا دانوسان بكات بەقەولی خۆیان بۆ بەشداری پێكردنیان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، تائێستا لەگەڵ ئەفسەرانی پلەبەرزی ڕژێمی بەعسی ڕوخاودا لەدانوسانداییەو بەڵێنی پاراستنییان پێدەدات، تائێستا وەفیق سامەرایی دەست تائەنیشك بەخوێنی خەڵكی كوردستان و عێراق سور مستەشاری ئەمنیەتی، نزارخەزرەجی و دەیان گەورە جەلادی تر لە لایەن تاڵەبانیەوە پشتیوانی كراون، پاریزراون، ڕەوانەی

دەرەوەی وڵات کراون، کەچی بەم حاڵەشەوە تاڵەبانی بەخەڵکێك کە شاهیدی هەموو ئەو مێژووەن، شاهیدی نزیك بە 3ساڵ تەجروبەی دوای بەعسن، شاهیدی گەورەترین پەیام وڕاگەیاندنی وێرانکردنی کۆمەڵگای عێراقن، شاهیدی پرۆسەی بەئەفغەنەکردنی کۆمەڵگای عێراقن، شاهیدی سەنەدی بەیەکدادانی تایفی و قەومی و دینین کە لەژێر ناوی دەستوردا، دارێژراوە، کەچی تاڵەبانی دەڵێت مادام خەڵك دەنگیان بەم سەنەدە نەداو لەراپرسیدا بەشداریان نەکردووە، ئەوا لایەنگری تیرۆرو قاعیدەو دژی مافی مرۆڤ و ئازادین!!

بێگومان تاڵەبانی بەم فتوایەی لەلایەکەوە بڕوابونی بەدیموکراسی بەکردەوەی خۆی نیشانی خەڵکی عێراقی دوای بەعس دەدات، و هاوکات دەیەوێ لەوڕێگایەوە، وا نیشانبدات کەئەوانەی بەشداری دەنگدانی دەستوریان نەکرد، ژمارەیەکی کەم بوون. لەوانەش واوەتر ئەمە پەیامێکە ڕوولەداهاتوو، پەیامێکە ڕوو لەو خەڵکەی کە لە هەڵبژاردنی داهاتودا بۆ پەرلەمانی عێراق دەنگ نادەن و ئەو سیناریۆیانە تەئید ناکەن.

تاڵەبانی لەماوەی ئەم دوومانگەدا ئەمە دووەم فتوایەتی، فتوایەکی تریش لەبەرامبەر بەخەڵکی کەرکوکی "قدسی کورستان "دا، ڕاگەیاند و بەسەراحەت ووتی ئەو خەڵکەی کەرکوك بە جێئەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێر ئەوانەی خائین و دەبێ دەست لە خیانەت هەڵگرن.

دەبێ پرسیار بکەین تاڵەبانی ئەم فتوایانە بۆ ئاوا پەخش دەکاتەوە؟ بۆئاوا خەنجەری لەکالان دەرکێشاوەو هەڕەشە لەخەڵك دەکات؟ بۆ ئەوەی "بەڵێ" بە سیاسیەت وکارکردیان نەڵێت بە تیرۆرست و دژی ئازادی و لایەنگرانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ناوزەدیان دەکات و دەیانخاتە ناو لستی ڕەشەوە؟

ڕۆشنە تاڵەبانی و بزوتنەوەکەی بۆیەکەمجارە لە مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بەشیا پێبڕێت لە دەسەڵاتی مەرکەزیدا، بۆیە دەیانەوێ ئەمە بەدەوڵەت و حکومەتی ناوەندی سبەینی بسەلمێنن، و بڵێن ئەگەر ئێمە تاسەر بەشداری پێبکەن لەدەسەڵاتی مەرکەزدا، ئێمەش وەکو باڵێکی ناسیونالستی هەموو ئەوکارانەمان لەدەست دێت کە دەوڵەتو حکومەتی تاك حزبی لەدەستیهاتووە، دەیەوێ نیشانی بدات کە ئەمیش وەکو یەکێك لە ڕابەرانی بزوتنەوەی قەومی کورد، هەمان ئەو ئەرك و واجباتە بەجێ دەهێنێت کە قەومچی و شۆفینیزمی عەرەب دەیکات، دەیەوێ بە باڵەکانی تری بەشدار لەحکومەتو دەوڵەتی تازەی!! عێراقدا بڵێت، ڕاستە زمانی قسەکردنو دینو تایفەمان جیایە، بەڵام بیرتان نەچێت ئێمەش وەکو بزوتنەوەی قەومی کورد، بەوێنەی بزوتنەوەی ناسیونالستی عەرەبی و بەوێنەی رەوتی ئیسلامی سیاسی، خاوەنی هەمان ئەو بەرژەوەندیانەین کە ئێوە هەتانە، بەرژەوەندی بەشداربوون لەدەسەڵات بەمەبەستی بەرگریکردن لە بەرژەوەندیەکانی چینە داراکان، ئەمەش بێگومان بەبێ هەڕەشە لەخەڵکی نەدار، بەبێ هەرەشە لەخەڵکی ناڕازی، بەبێ هەرەشە وسەرکوتی ئازادی سیاسی وڕادەربڕین ممکین نابێت.

ئەمە لەکاتێکدایە، کە تاڵەبانی و بزوتنەوەکەی سەرباری ئەوەی بەشدارن لە دەسەڵاتی مەرکەزی موەقەتی ئێستادا، و لە جێگاوڕێگایەکی مناسبتر لەجاران بەهرەمەندن، بەڵام هاوکات لەسەر کێوێك لەناڕەزایەتی جەماوەریدا وەستاون، وەڵامدانەوەش بەنارەزایەتی جەماوەری بەتایبەتیش ئەو نارەزایەتیانەی دەسەڵاتی سیاسی دەکەنە نیشانە، دەبێ بەتوندی سەرکوت بکرێت، ئەمەش پێویستی بەبیانوسازکردنە،

**بیانوی لایەنگری لە تیرۆریزم، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، دژایەتی دیموکراسی وماڤی مرۆڤ، خیانەت و......تاد، بیانوی گەورەن و تاوانێکن کە لێخۆشبون هەڵناگرن، بۆیە خەڵکێك کە بەشداری دەنگدانی نەکردووە، دەبێ بەم بیانووەوە عقاب بدرێن، ئەوانەی کەرکوك جێدەهڵن دەبێ باجی ئەم خیانەتە!!یان بدەنەوە.**

**تاڵەبانی لەپاڵ خیزانی بەرەکەی خۆیدا لەقەومی عەرەبیو ئیسلامی سیاسیو تایفەچێتیدا، دەیانەوێ دەسەڵاتی خۆیان لەڕێگای پاشەکشەپێکردن بەنارەزایەتی و کپکردنەوەی دەنگی "نا"یەکان، دابمەزرێنن، ئاخر ئەمە دەرکێشراوی ئەزمونی رابردوی ڕژێمە سەرکوتکەرەکانە، مەگەر جمهوری ئیسلامی بە سەرکوتی شۆرش و خواستی خەڵك و سەرکوتی دەنگی "نا" دەسەڵاتی ڕەشی خۆی دانەسەپاند؟ مەگەر بەعس و دەیان دەسەڵاتی تری مەرگ خوڵقێن هەر بەم پرۆسەیدا خۆیان نەکردۆتە ملۆزمی سەر دڵی خەڵك؟ تاڵەبانی بەو فتوایانەی دەیەوێ ئەم تەجروبانە دوبارە بکاتەوە.**

**تاڵەبانی دەزانێت، عێراقی دوای بەعس، عێراقێکی هەڵوەشاوەیە، عێراقێکە هەموو هەوڵێکی بەرەی بۆرژوازی بۆخراوەتە گەر تادەوڵەتو حکومەتی بۆ پێکبهێنرێتەوە،و لەچوار چێوەدایە کە دەیەوێت لە پێکهێنانەوەی دەوڵەتو حکومەتدا، سەهمی پێبڕێت، ئەوڕاستیە دەزانێت کەبەرەی بۆرژوازی لەعێراقدا بەرەیەکی نامنسەجیم و دژ بەیەکە لەپەیوەند بە چۆنیەتی دەسەڵاتداریتی داهاتوی، هاوکات ئەو ڕاستیە دەزانێت کە هیچ کام لە هێزەکانی ئێستای سیاسی عێراق توانای حەزف یەکتریان لە پرۆسەیەکی نزیکدا نیە، بۆیە ڕێگەی توافقاتی کاتیو بەزۆر کۆنترۆڵکراوی دەستی ئەمریکایان لەگەڵ یەکتری قبوڵکردووە، تاڵەبانی لەدڵی وەها هەلومەرجێکدا، فتوا دەبەخشێتەوە، فتوایەك کەلەلایەکەوە ئەمریکا ڕازی بکاتو تاڵەبانی بەدڵسۆزتر لەوانیتر لەبەرامبەر تیرۆردا قبوڵبکاتو لەلایەکی تریشەوە دەنگی"نا"بەدژی داگیرکاریو نائەمنیو هێزەسەرتامۆخ کۆنەپەرستەکانو سیناریۆکانیاندا بەهەڕەشەو ترساندن و تۆقاندن لە ڕێگای بیانو دۆزینەوە کپ بکاتەوە، تا لەوڕێگایەوە هەم دەسەڵاتی ملۆزمی ئێستا بەخەڵك بقەبڵێنیو هەم لەحەزف بوونی هێزو لایەنەکاندا لە پرۆسەی داهاتودا بەش و دەسەڵاتی بزوتنەوەی قەومی کورد بهێڵێتەوە.**

**بەڵام دەبێ تاڵەبانی ئەوراستیە بزانێت، ئەم فتوایانەی نابێ بەهیچ، چونکە نە نەفرەتی ڕولەهەورازی خەڵك وابەئاسانی قابیلی کۆنترۆڵەو نەبزوتنەوەی قەومی کورد توانای ئەو ئیدعایەی هەیە کە ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی لە عێراق و ناوچەکەدا هەیەتی و نە ئەمریکاش ئامادەیە جێگاو مەوقعیەتی ناسیونالیزمی عەرەب لە ستراتیجیەتی خۆیدا بە جێگاوڕێگای ناسیونالیزمی کورد بگۆڕێتەوە.**

2005–11–15